# هیچ کوڕێک بە نیازی ئەوە نەبێت پێیبڵێم خۆشمدەوێی ..!



**زانا گەڵاڵی**

هەر لەسەرەتای منداڵیمەوە لە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی بەشداری کاری شانۆیی و گروپی موزیکم کردووەو هەروەها لەگەڵ گروپی هونەری لانەی منداڵانی کوردستاندا کارم کردووە . هونەر لای من خۆزگە و ئاواتی هەمیشەییمەو دەمەوێت بەردەوامبم، بەدەر لە شانۆو دراما حەزیش بە موزیک دەکەم و کاری وێنەکێشانیشم هەیە و هەر لێرەش لەسوید دەستمکردووە بە کاری وێنە کێشان.

- شایی کەمال ڕەشید ! کەلەدایکبووی شاری سلێمانییە و ئێستا لەوڵاتی سوید نیشتەجێیەو لە ماوەی ڕابردوودا وەک ئەکتەر بەشداری لە درامای چامەیەکی تەواو نەکراودا کرد کە لە نووسین و وێنەگرتنی فەلاح ئەحمەد ڕەشید سیناریۆ و دەرهێنانی میران عەلی لە ڕۆژانی 15 و 61 و 17 مانگی ئادار لە کوردسات پەخشکرا .

ئاوێزە لە پەیوەندییەکدا، شایی دواند ، لەسەرەتادا شایی بەوچەشنەی سەرەوە سەرەتای گفتوگۆی لەگەڵ ئێمەدا دەستپێکرد .

**- دەربارەی کارکردنیش لەبوارەکانی شانۆ و دراماو سینەمادا ، شایی وتی :** هەموویان هونەرن ، هەرچەندە کەمتازۆر جیاوازییان هەیە ، بەڵام زیاتر حەزم لەکاری درامایە .

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە زیاتر دەخوازێت ڕۆڵی چ کەسایەتییەک یا کاراکتەرێک بەرجەستە بکات ؟ شایی دەڵێت ( گرنگ نییە هەر ڕۆڵێکم بدەنێ ! گرنگ ئەوەیە لەکامیاندا خۆم دەبینمەوەو سەرکەوتن بەدەستدەهێنم ، هەر ڕۆڵیک بێت بۆ من ئاساییە ، بەڵام زیاتر حەزدەکەم ڕۆڵێکم بدەنێ کەباس لە کچێکی حاقڵ و سالار بکات )
.

ئاوێزە ، شایی کچە ئەکتەری دواندو پرسیشی ئەگەر ڕۆڵێکت بدەنێ خۆت بەدڵت نەبێت بەرجەستەی دەکەیت ؟

-بێگومان بەرجەستەی ناکەم ! چونکە ئەگەر هەموو شتێک بە زۆربێت ئەوا هونەرو کاری شانۆو دراما بە زۆر نابێت .

دەربارەی ئەوەشی تاچەند حەز دەکات لە چیرۆکێکی خۆشەویستیدا ڕۆڵببینێ ؟ شایی وتی ، ڕۆڵی خۆشەویستی لای من کەمێک ناخۆشەو زۆر حەزم لە ڕۆڵی خۆشەویستی نییە .

هەروەها وتیشی : لەڕاستیدا بە هەرسێ زمانی کوردی سویدی ئینگلیزیش کارمکردووەو هیچ جیاوازییەکیش نییە . بەڵام دەتوانم بڵێم لە کوردییدا زیاتر سەرکەوتن بە خۆمەوە دەبینم .

**-بەچی کەسایەتییەک سەرسامیت ! ئەگەر حەزبکەیت لە کارێکی دراما دا ئەو ڕۆڵە ببینیت ؟**

-پرسیارێکی زۆر بە جێیە، خۆزگە دەرهێنەرێک دەهات و بە منی دەوت خۆت کەسایەتییەک بۆ خۆت دروستبکەو بیخوڵقێنە ! ئەوکاتە بۆ من زۆر ئاسانە باشترین کەسایەتی دروستبکەم . ( دوور لە موجامەلە ) کە ئەویش دایکمە ،،

**- ئەو کەسەی لە پاشەڕۆژدا دەبێتە هاوسەرت پێتخۆشە چۆن کەسایەتییەک بێت ؟**

- لەڕاستیدا هەتا ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە جارێ پەلە ناکەم لەهەڵبژاردنی هاوسەرێتیدا ، بەڵام باشترە بۆ پیاوان یان کوڕان خاوەن کەسایەتی خۆیان بن ( بەشەخسییەتبێت ) باشترە .

**- تاچەند حەز بەخواردنە کوردەوارییەکان دەکەیت ؟ چ خواردنێک زیاتر ؟**

- بەگشتی حەزم لەهەموو خواردنێکی کوردییە ، بەڵام زۆرم حەز لە کفتەی سابونکەرانە .

**- بە چ شتێک دڵ تەنگ دەبیت ؟**

- دڵ پیسی و ناحەقی و نایەکسانی پیاو و ژن ، کاتێکماڵەوەمان خەمێکیان دەبێت ئەوکاتە من زۆر بێتاقەت دەبم ، هەرگیز حەزناکەم چ دایک یان باوکم بچنە ژێرباری خەفەت و مەراقی ژیانەوە .

**- لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەدەگمەن وابووە کچ سەرەتا خۆشەویستی خۆی بۆ کوڕ دەربڕێت ، بەڵام شایی ئەگەر کوڕیکی خۆشویست تاچەند ئامادەیە دەستپێشخەربێت ؟**

- هەرگیز هیچ کوڕێک بە نیازی ئەوە نەبێت، کە من سەرەتا پێی بڵێم خۆشمدەوێیت، پێشئەوەی ئەو بە من بڵێت.